**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٦١٣ لە ٢٠٢٦/٢/٢**

## بڕیاری ژمارە (٢٩٣)ی ساڵی ٢٠٢٦

پشتبەست بەحوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٦) لە ٢٠٢٦/١/١٤، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانەوەی لیژنەی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- وەزیری دارایی و ئابووری.
٢- وەزیری پلاندانان.
٣- وەزیری سامانە سروشتییەکان.
٤- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٥- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٦- سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
٧- سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.
٨- ڕاسپاردنی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی گشتی ڕاژە بۆ پێشکەشکردنی هاریکاری و هەماهەنگیی تەکنیکیی پێویست لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی و دەسەڵاتەکانیان.

**دووەم:** پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە لیژنەی دانوستان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- بۆ ساڵانی دارایی داهاتوو، دەبێت پشتبەست بە ماددە و بڕگە دەستوورییەکان لە یاسای بودجەی گشتیی فیدراڵیی، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێت نەک دابەشکاریی بەشە بودجە بۆ بوارەکانی خەرجی، بەڵکو ئەوە تایبەتمەندێتیی دەستووری دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانە کە ئەم بەشە بودجەیەی هەرێم جارێکی دیکە دابەشی دەروازە سەرەکییەکانی خەرجکردن بکات، بۆیە پێویستە لیژنەی دانوستان گفتۆگۆ و دانوستان لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکات نەک مووچە.

٢- لابردنی پێوەری خەرجیی ڕاستەقینە (الإنفاق الفعلي) لە هاوکێشەی دەستنیشانکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان.

٣- وەزارەتی دارایی فیدراڵ پابەند بکرێت کە بەشە بودجەی هەرێم بنێرێت وەک هەرێمێکی دەستووری و فیدراڵی کە بەپێی دوایین سەرژمێریی عێراق کە لەلایەن خودی حکومەتی فیدراڵەوە ئەنجامدرا، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم زیاتر لە (١٤,١%) و دەبێ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ڕێژەیە دەستنیشان بکرێت.

٤- پێداچوونەوە بە خشتەی خەرجییە سەروەرییەکان (النفقات السيادية) لەبەر ڕۆشنایی دەستوور بە جۆرێک ئەم خەرجییانە تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە پەیوەندیدارن بە تایبەتمەندییە ڕەهایەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان وەک بە ئاشکرا لە ماددەی (١١٠)ی دەستووردا هاتووە، لەگەڵ زامنکردنی خەرجکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە بڕگەکانی خەرجییە سەروەرییەکان کە بەهۆی زۆریی ئەم خەرجیانە هەرێمی کوردستان کەمتر لە (٥%) بودجەی گشتی عێراقی بەرکەوتووە.

٥- ڕەتکردنەوەی میکانیزمی بودجەی سێ ساڵە و جەختکردنەوە لەسەر داڕشتنی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی تەنها بۆ یەک ساڵی دارایی چونکە بودجەی سێ ساڵە هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی نییە.

٦- ڕاسپاردنی لیژنەی دانوستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ گرتنەبەری ڕێگای گونجاو بۆ خەرجکردنی مووچە خەرجنەکراوەکانی ساڵانی (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥) و نابێت بەهیچ جۆرێک سازش بکرێت لە بەرامبەر ئەم مووچە خەرجنەکراوانە کە شایستەی دارایی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

٧- ڕاسپاردنی لیژنەی دانوستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بۆ پابەندبوون بە ناردنی تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ بەمەرجێک ئەم تەرازووی پێداچوونەوەیە تەنها ئەو داهات و خەرجییانە لەخۆ بگرێت کەبەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان دەستنیشانکراون.

٨- کارکردنی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی دارایی فیدراڵ بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست بۆ گواستنەوەی سەرجەم ئەو خەرجییانەی لەسەر داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن و پەیوەندیدارن بە مووچە و دەرماڵە و شایستەی دارایی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بۆ سەر وەزارەتی دارایی فیدراڵ کە تا ئێستا لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خەرج دەکرێن کە لەساڵی دارایی ٢٠٢٥ بڕی ئەم خەرجییانە گەیشتە (٤٨٠) ملیار و (٧٩٤) ملیۆن و (٨١٧) هەزار دینار بە تێکڕای مانگانەی (٤٠) ملیار و (٦٦) ملیۆن و (٢٣٥) هەزار دینار ئەمە جگە لە پاداشتی کۆتایی خزمەتی خانەنشینان و کۆکراوەی مووچەی

مۆڵەتی خانەنشینان کە سەرەڕای هەبوونی تەرخانکراوی ئابووری بەڵام وەزارەتی دارایی فیدراڵ خەرجی نەکردووە، تا یەکلاییبوونەوەی ئەم بابەتەش وەزارەتی دارایی ئابووری هەرێم بەرپرس دەبێت لە خەرج کردنی ئەم بڕگەیە.

٩- جەختکردنەوە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە کارکردنی بەردەوام بۆ ڕێکخستنەوەی داهاتە ناوخۆییەکان بەئاراستەی زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، و ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی پێشنیار و پڕۆژەی وەزارەتەکان لەم بارەیەوە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران.

**سێیەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**